وەزارەتی بەرگریی تورکیا کوژرانی سەربازێکی لە خاکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند



ئەمڕۆ یەکشەممە (22ی ئەیلوولی 2024)، وەزارەتی بەرگریی تورکیا کوژرانی سەربازێکی بەناوی -"ماشەڵڵا ئاباکای" لە ئەنجامی هێرشێکی پەکەکە لەسنووری ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنی ناسراو بە (چنگ قوفڵ) لە ناوچەی زاپ لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

ئەم شەڕە و پێکدادانە لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنێکدایە، کە تورکیا ناوی ناوە چنگ-قوفڵ کە لە ڕۆژی 18ی نیسانی 2022 لە ناوچەکانی ئاڤاشین، مەتین و زاپ لە خاکی هەرێمی کوردستان بە سەر پێگەکانی پەکەکەدا دەستیپێکردووە و تائێستاش بەردەوامە.

جێی ئاماژەیە، لەماوەی مانگەکانی ڕابردوو تورکیا لەشکرکێشی و هاوکاری چڕی هێزەکانی بۆ ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای دهۆک کرد، بەبیانووی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان کە ئەم لەشکرکێشی و بەردوومانانە بووە هۆی ئاوارەبوونی دەیان گوند و تەنها لە ماوەی مانگی ڕابردوودا 6 هاوڵاتی سڤیلی هەرێمی کوردستان بوونەتە قوربانی بەردوومانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە خاکی هەرێمی کوردستان کە سیانیان ئەندامی یەک خێزان بوون، لەبەرامبەردا حکومەتی هەرێمی کوردستان و هیچ لایەنێکی ئەمنی و پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان سەرکۆنەی ئەو بەردوومانانەی تورکیا نەکردووە.

زانیاری زیاتر...

چەندین ساڵە سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و زیاتر لە چل بارەگای سەربازی بەخەی و هێزەکانی لە پارێزگای دهۆک و ڕۆژهەڵاتی هەولێر دروستکردووە بە بیانوی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەکاتێکدا هێرشە فڕۆکەوانییەکانی تورکیا بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە 145 هاوڵاتی سڤیلی هەرێمی کوردستان لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا و لەسەرتای ئەمساڵ بەگوێرەی ڕێکخراوەی CPT، زیاتر لە دە هاوڵاتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی هێرشەکانی تورکیا گیانیان لەدەستداوە کە ئەمانە تەنها ژمارەی ڕاگەیندراوەکانە، لەبەرامبەردا چەندین هاوڵاتی تری مەدەنی لە شەنگال کراونەتە ئامانج.

شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشتر گووتی: دەبێت خەڵکی عێراق بزانن ئایا ڕێککەوتنێک لەنێوان ئەنقەرە و بەغدا یان ئەنقەرە و هەولێر هەیە کە ڕێگە بە وڵاتانی دراوسێ بدات عێراق وەک خاکی خۆیان مامەڵە لەگەڵ بکەن ئەگەر ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە هەبێت، ئەوا دەبێت خەڵک ناڕەزایەتی ئاراستەی دەسەڵاتدارانی عێراق و کورد هەبێت، بەڵام ئەگەر ڕێککەوتن نەبووە، ئایا نابێت پەنجە بە تورکیا وەک داگیرکەر ڕابکێشین؟!.